# نامەیەک لە م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی-یەوە

**ئا: سەرنووسەر**

کۆیە - ١٩٩٨/١٠/١٥

زۆر خۆشەویستم ئازادی بەڕێز

ڕۆژباش

لەپێش هەموو شت هۆردوو چاوت ماچ دەکەم، ئەوجا زۆر لە هەواڵت دەپرسم، ئەوە لەسەر کتێبەکەتان (شوکور مستەفا.. گەشتێک لەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا) کە بە وردی خوێندمەوە، هەرچەند گەمەی لەگەڵ ناکرێ، خواردنی هەموو کەس نییە، وە مامۆستا (شوکور) لە فەیلەسووف فەیلەسووفترە؛ چەند لاپەڕەیەکم نووسیوە، هەمووم بە خاڵ خاڵ نووسیوەتەوە، لێم مەگرن ئەوە بۆچوونی خۆمە، وە ئەوەی (ڕامان) بخوێنیتەوە، کە لەوێش بڵاوتان کردبۆوە، هەر ڕادەمێنێ، زوو دەست بە چاوی خۆیەوە ئەگرێ، ئاگای لە دەوروپشتی خۆی نامێنێ، دەبێ دەستێشی بگرن، دەنا خوانەخواستا شێت دەبێ!

زۆر سەلامم بۆ مامۆستا (مەحموود زامدار)یش هەیە، مامۆستا شوکور هەردووکتانی وا پیلەکێش کردییە بۆ ناو گۆمی بێ بنی فەلسەفە و لەخوا گەڕان، ئومێد دەکەم بە سەلامەتی لێی دەرچن، دەستتان لەدەستی بەرنەبێ، وە بە پێ مەلە دەرچن.

ئەگەر دەستی دا، ئەم نووسینە، بێ سەروگوێیەی منیش، بەدەقی خۆی بڵاوی بکەنەوە، ئەگینا پشتگوێی خەن، با بڵێن «تاهیر ئەحمەد زۆر وڕێنەی کردووە!».

بەشی دووەمی شانۆگەرییەکەم لە گۆڤاری (ڕامان) نەدیت، چونکو دانەیم بۆ نەهاتییە، وە ئەمن بە پارە- لەبەر ئەوەی تەقاعوودی مەخموودم - هیچ گۆڤار و کتێب و ڕۆژنامەی هەرزان و گرانم پێ ناکڕێ.

باسی کتێبەکەی پەندی پێشینان و مەتەڵەکەش ناکەم و ناویشی نایەنم، وەک گوتت؛ پەلەی ناکەم، کەی چاوی بە دونیا کەوت، خوا لێمان نەستێنێ و بیژێنێ.

پوورەکانت چاوی تۆ و دایکی منداڵانت و منداڵەکانتان وەخۆشم، ماچ دەکەم، چاوی براکانت ماچ دەکەین، سەلام لە مامت و دایکت دەکەین، چاوی داک براو خوشکانت ماچ دەکەین.

مام (ئازاد)، نامەکانی: ١- باوکت، ٢- خۆت، ٣- عەبدولحەمیدم بۆ ناردی بۆ مێژوو، چ بڕ کەڵکیکیان هەبوو؟ نامەیەکی تووم لەلایە کە بە عەرەبی لە بەغداوە بۆت ناردبووم، هێشتا منداڵن، نازانم دەست خەتی تۆ بووە، یا یەکێک بۆی نووسیوی، خوا یار بێ، بیبینمەوە، بۆتی دەنێرم.

ئیدی زۆر ڕێزم هەیە لەگەڵ سەلامان بۆ ئەوانەی کە

ناوم دەبەن، ئەوەندەشم لەبیرچوو، هەموو کەس ناتوانێ قەرەی لە قەرەتان بدا.

**خۆشەویستتان**

**تاهیر ئەحمەد حەوێزی**

بۆ بەرێزان: ئازاد عەبدولواحید و مەحموود زامدار و مامۆستا شوکور مستەفا

کۆیە: تاهیر ئەحمەد حەوێزی

ڕۆژتان باش

١- زۆر سوپاستان دەکەم کە بە کتێبەکەی مامۆستا شوکور مستەفا.. گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئیستێتیکادا بە دانەیەک منتان بەسەر کردیتەوە- ئازاد گیڤ نەبییەوە، ئەمن کووم لۆ بێ، ئەوهای دەنووسم- ئەوە هی ئێستام نییە، بەڵکو هی (٥٠-٦٠) ساڵ پێش ئەورۆیە، خۆ خۆشە کوردیش زوبانێکی نووسینی ئێکگرتووی هەبێ، وەک زوبانانی دی شانازی پێوە بکا؛ سەربەخۆیی هەموو کورد و یەک شێوەیی وەک یەکن.

لەساڵی ١٩٦٠ لە کۆبوونەوەی شەقڵاوە، کە نەقابەی مامۆستایان پێ هەستان، ئەوسا هێشتا چەپییە مامۆستاکان پتر دەسەڵاتیان بەسەر کۆبوونەوەکەوە مابوو، ئێمە لجنەی زوبان و بەرنامە، تووشی دەمەدەمێکی زۆر بووین، برا سلێمانییەکان، عادەتیان بوو، بە کۆمەڵ و ژمارەیەکی زۆر بەشداری هەموو چەشنە کۆبوونەوەکانیان دەکرد، لە هەر ڕۆژگارە بە چەشنێک ئەگەر بخسترابا دەنگ وەرگرتن، هەر ئەوان بەشی زۆریان دەبینا، دوایی تەماشا کرا زۆر شار و شوێن بەشدار نەدەبوون، دوایی وا داندرا هەر شارە ژمارەیان چەند بێ، یەکێک دابندرێ، ئەو ساڵی برا بادینییەکان کۆمەڵێکی زۆریان بەشدارییان کرد، بەسینگێکی فراوانەوە هاتنە پێش، ئاخری وا داندرا شێوەی (سۆرانی)- کە ئێستا بە هەڵە بەسەر شێوەی سلێمانی و موکریانیدا براوە- (شێوەی سۆرانی) کەوتیتە نێوان دوو زێ: زێی گەورە و زێی بچووک؛ کە: دەشتی دزەییان، هەولێر، پردێ، کۆیە، شەقڵاوە و ڕەواندز دەگریتەوە= ببتە بناغە، بە شێوەکانی دی (موتروبە= تطعیم) بکرێ؛ لە کاتی چەقە چەق، مەندووبە عەرەبەکان لەگەڵ سەرۆکی نەقابە هاتنە سەیرمان و بە دەورمانەوە ڕاوەستان، کە ئەوانەمان بینی، زوو بڕیارەکانمان جێبەجێ کرد و لەسەر ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کوردستان، چەپییەکان هەندێ هەڵزەقینەوە و لە کاتی دەنگدان کە خوشکە ناهیدە شێخ سەلام بۆ کوردایەتی دەورێکی باڵای هەبوو، ڕووی لە مامۆستا عەنکاوەییەکە کرد: «ئەتۆ ئەگەر بە ناوێکی ترت بانگ بکەن، پێت خۆشە و وەڵام ئەدەیەوە؟ کوردستان ناوی خۆمانە!» لەوکاتی دوو فرۆکەی مێگی ڕەقەم(١٧) کە تازە (سۆڤیەت) بە (عەبدولکەریم قاسم)ی فرۆشتبوو، بەسەر شەقڵاوە و سەر سابات و جێ کۆبوونەوەکەمان لە نوێ دەهاتن و دەچوون، دەنگیان و سورعەتیان زۆر بێزارکەر بوون، ئیدی لە ترسان و لە هەرچییەکی کە بوو، گۆیا وشەی کوردستان، بۆنی جیابوونەوەی لێ دێ! ئیدی کرا بە (دیراسەی کوردی). کورینە بۆیە ئەو چەند قسەیەم نووسی، مەبەسم: بیرەوەری مێژووە؛ چونکو: مامۆستا زەکی ئەحمەد و مامۆستا کەریم شارەزا و من، هەر کەس لەلای خۆی نووسیبوویەوە، نووسینەکانی من لە هاوینی (١٩٦٣) هەمووی فەوتا!

٢- کتێبەکە بەرگی ئەوەندە لووس و پووسە، هەر


کۆیە

ڕۆژباش

خۆشەویستتان

طاهر احمد حویزی

بەچاو حەزت دەچێ، چ جاهی دەستی لێ بخشێنی، تێی هەڵبێ و خوا بتداتێ کتێب ئەوها چاپ بکرێ.

٣- کە دەستم بە خوندنەوەی کرد، گوتم: «ئەرێ بۆ بەچاکی نەیخوێنمەوە، ئەو دانە بە خۆڕایی بۆ من نەناردرایە، دەبێ بکەومە ناوی؛ پێ دەچێ شتێ زۆر قورس بی؛ مامۆستا شوکور بی و دووی وەک ئێوەش خەریکی بووبن، وای بە حاڵی خوێندەوار» ئەوجا نازانم بەپێ خواستی (خاوسی) بەناوی کەوتووم، یا بە پێڵاوەوە؟!

٤- وە دەبێ لێشم ببوورن، ئەگەر تووشی هەڵە و قسەی هەلەق و بەلەق بووبم، ئەمن وای بۆچووم، خوایە وا نەبی.

٥- ساڵێکی قاپووتێکی ڕەشم لەلای وەستا (عەلی) لە کۆیە کردبوو، خەڵقی سلێمانی گەڕیدەی هەموو دنیا؛ ئاخری لە هەولێر وەفاتی کرد، زۆر قسە خۆش بوو، لە ئیشان گورجوگۆڵ بوو، مەکینەی دەکرد و قسەی دەکرد و جغارەی دەکێشا، سەروەختێک هەر خەیاڵاوی بوو، ئاخر ژنی کۆیی بوو، سبەینێ دەستی بەقاتی دەکرد، ئێوارە قاتەکەت لەماڵەوە بوو. قاپووت تەواو بوو، بە خۆشی خۆشی لەبەرم کرد، سەرما چ حەددی هەبوو بێتە ژوور، بەم هەیکەلەوە چوومە مەکتەب، مامۆستایەکی دیانی عەنکاوە، تەماشای لچکی قاپووتەکەی کرد، گوتی: «تاهر ئەفەندی ئەو یەخە دوو پارچەیە دووروایتەوە»، ڕاست بوو، بەڵام خۆی داپۆشیبوو، عەیبەکەی بەدەرەوە نەبوو.

ئێوارێ کە چوومە لای وەستا عەلی پارەی بۆ ببەم، گوتم: «وەستا شتی ئەوها هەیە»، گوتی: «ئەمانە ئەسپێ دۆزیبیان کردووە»، واتا ورد لێی کۆببوونەوە، تومەز جگەرەکەی پێ کردبوو، لەسەر قوماشەکەی دانابوو، لەبەر قسان لەبیری چووبوو، ئیدی قەومابوو، بە دوورینێکی ورد پینەی کردبوو.

منیش گوتم: با کتێبەکەیان (ئەسپێ دۆزی) بکەم.

٦- لاپەڕە (٧) دێڕ (٢٤) نووسراوە: (وەک مەڕ دەم قاراند، وەک بزن دەم باڕاند)، بێ گومان دەنگەکان بە پێچەوانەن (مەڕ) دەباڕێنێ، بزن (دەقاڕێ).

٧- قسەکانی پتر دادرێژن.

٨- وشەی زۆر زاراوەی تێدایە، ئەمە لە زۆرزانی مامۆستا (شوکور)ـە.

٩- ڕاستە مامۆستا پێش دەست بەدەرسان بکا، دەبێ وا تێ بگا لەسەر شانۆ ڕاوەستایە، واتا (ممثل) بی، بە تایبەتی مامۆستای پۆلی یەکەم. جاران دەیانگوت «مامۆستای منداڵان- کە مەلا و سوختە بوون- بە (شاهد) ناشیەن؛ چونکو بە ڕۆژ لەگەڵ منداڵانن و بە شەویش لەگەڵ ژنان! «چونکو دەبی خۆی بینیتە ڕیزی منداڵەکان و بۆنی تروتسیشیان سەربار! ڕاستە منداڵی ئێستا- چاویان کرایتەوە و دەورە و پشتیان گۆڕاوە، وەک لە تفەنگی شەیتانی دەرهاتبن، واتە- سەدان پیر دەبەنە سەر ئاوی و ئاوی نادەن و دەیهێننەوە!

١٠- پڕە لە وشەی تازە و هەمەچەشن، وەک (رسالە)کانی مامۆستا حاجی مەلا زاهیر کۆیی زۆر ڕەقە، بۆ زۆر کەس تێگەیشتنی دژوارە، دەبوایە لە دامەنی کتێبەکە فەرهەنگۆکەکی هەبا، زۆر کەستان لە قوڕی دەردەینا!

١١- مامۆستا شوکورتان لە بەینی خۆتان گرتییە، نازانی چی بکا، چارچاوتان کردووە، بە بەرگی کوردییەکەی، بە جەمەدانییە ڕەش و سپییەکەی، جاحێل دیارە، وەک تازە خەتی سمێلی بدا، خۆ بە جەمەدانییە سۆرەکەی، وەختە ببتە ئەزبەنی.

١٢- من تەواوەک قەرزداری مامۆستا مەحموود زامدارم- ئومێد دەکەم هەموو برینی دەرەوە و ناوەوەی سارێژ ببی- (شەوچەرە)ی بەرگی یەکەمم، بە هەزار دڵ و داوان بەچاپ گەیاند، کەریم شارەزا و عەبدولڕەزاق بیمار زۆر بەشان و باهوویان هەڵگوت، دڵم خۆش بوو گوتم: «بەڵکو منیش دێمە ڕیزی مامۆستا عەلائەددین سەجادی، وەک ڕشتەکانی ئەو باو دەستێنی- ئازاد ئەو چەند قسەی بۆ مێژوو دەنووسم، هەندێ هەناوی خۆم هەڵدەڕێژم- کەچی خزمان جێیەکیان لە کتێبەکە دیتەوە، بە جارێ فەوتام، زەختم هەستا، بەرپێی خۆم نەدەدیت، نەمدەوێرا باسیشی بکەم، هەر نەمزانی کتێبەکە چی بەسەرهات؟

ڕۆژێک ڕادیۆی کوردی بەغدایەم کردبۆوە؛ مامۆستا مەحموود زامدار قسەی دەکرد، باسی (شەوچەرە)کەی منی کرد، ئەوەندەی هەڵکێشا، هەتا گوێم ڕادەگرت بە قسە خۆشەکانی (جیوەی پاڵەپەستۆی خوێنم) لە لەشم دەهاتە خوار، تەواوەک خەمم ڕەوییەوە؛ لەمەوە- دەڵێ: قسە قسەی دەینی.. نوکتەکەی (سەعید ئەفەندی

محەمەد)ی مەئموور مەرکەزم هاتەوە یاد کابرایەک لە ماڵەوە ئاگای لەخۆی نابێ، بایەکی گەورەی لێ بەردەبی، ژنەکەی دەیکاتە هەرا و بەسەریدا دەچی، عەیب و شوورەیی، پیاو چۆن دەبی تری بکەنی؛ کابرا بە شەرمەزاری دەچێتە دەرێ، لە چاخانەکی لێی دادەنیشێ، مەیلەو درەنگ دەبی هەر هەڵناستی، برادەرێکی پێی دەڵێ: «ئەوە بۆ ناچییەوە ماڵ؟» ئەویش قسەکەی بۆ هەر هەڵناستی، برادەرێکی پێی دەڵێ: «ئەوە بۆ ناچییەوە ماڵ؟» ئەویش قسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: «هەڵسە وەرە، ئەوە چییە؟» دەچنەوە بەردەرگەی ماڵی برادەرەکەی، کابرا لە دەرگەی دەدا، ژنە دەڵێ: کێیە؟» دەڵێ: ئێرە ماڵی فلانی یەک ترە؟» ژنە رووی خۆی دەرێنێتەوە و دەڵێ: «بەخودای ئابروومان چوو»، دەڵێ: «بەڵێ بابم چت دەوێ» ؟ دەڵێ: «ئەگەر ئێک تڕ هاتەوە، بڵێ: دوو تڕ لەدووای هاتبوو، ئێوارێ لە ماڵی سێ تڕی میوانن» ژنە دەڵێ: چما دوو تڕ و سێ تڕیش هەیە؟ «دەرگای دەکاتەوە و دەبتە پێکەنین و مێردەکەی دەچێتەوە ژوور» و منیش بە قسە خۆشەکانی کاک مەحموود تەواو هاتمەوە سەرەخۆ؛ بەڵام برینی من هێشتا سارێژ نەبووە، چونکو خۆی لە دەردی کۆمەڵایەتی دەزانی.

١٣- قسە و تێبینییەکانی منداڵیی خۆی مامۆستا شوکور بۆ کەس نەهێشتۆتەوە؛ ئینسانی گەورە وا بیر ناکاتەوە.

١٤- راستیان گوتووە: «هەژاری کراسی ئاگرییە»، درۆیە پێغەمبەر فەرموویێتی «الفقر فخري»، وە ئاڵۆزی و دەستکورتی مێشکی مرۆڤ سەرسام دەکا، باوەڕی بەهیچ نامینێ، لەپێش هەموو شت- تۆبە- بەگژ خوایدا دەچی، زۆر شت کاری تێدەکا، مامۆستا شوکور، شوکر هەروا بەدوای خوایدا دەگەڕێ.

١٥- دایکی جاحێل و شایی جندۆکان- ئەگەر خەون بووبی- دەنا دایکی جاحێل تامەزرۆی زۆر شتە؛ خوا بە دوورمان بخا؛ وەگوتراوە: «مشەمشی زڕبابی و تلپەی دەنگی دلۆپەی زۆر ناخۆشە».

١٦- دەڵێی مامۆستا شوکور لە دەرگەی حاجی قادری کۆیی و (مەلای گەورەی کۆیی)ی نەداوە، نە بەوێنە، نە بە قسە بەلایانەوە نەچووە.

١٧- لەبەر قسە خۆشەکانی، کتێبەکە ئەستوورتر با.

١٨- منیش لە چلەکان پێم خۆش بوو، بە هەندێ کوردیی تێکەڵاو بنووسم، وەک لە نووسینەکانم لە گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) بەدەردەکەوێ.

١٩- (مێجەر سۆن) ئەو ئینگلیزە پسپۆرە، یەکەم جار لە سلێمانی رۆژنامەنووسینی رەسمیاتی، بەشێوەی بابان بڵاوکردەوە، وە ئەم جۆرە نووسینە کاری لە ئەدیب و نووسەرانی کەرکووک و هەولێریش کرد، کە ئێستا باوە و کتێبەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانیان، بەم شێوەیە لە عەرەبییەوە، وەرگێڕدرانە کوردی، ئەگەر کۆیییەک- کە لەدوای سلێمانی کۆیە دەهات- وشەیەکی کۆییانەی بەکار بهینابا، دەیانگوت: ئەوە کوردی نەزانە». عەرەبی و ئینگلیزی بۆ وا زۆر فراوانن، ئەو هەموو قامووس و کتێبەیان لەسەر داندراوە، هێشتا هەموو کەس فێریان نابن؟ هۆی ئەمەیە: وشە و زاراوەی هەموو نەتەوەکەیان بەکارهێناوە و خستووتە فەرهەنگەوە.

ئەو شێوەی سلێمانی رۆیشت رۆیشت هەتا لە لیوای مووسڵ بە بەر دیواری شێوەی (بادینان) کەوت، قەزا کوردەکانی مووسڵ؛ لە هاندانی مووسڵاویان لەلایەک و شێوەکەی سلێمانی لەلایەکەی تر، وایان دانا، بە عەرەبی بخوونن، نەک بە کوردی! دەیانگوت: «ئێمە عەرەبی



سلێمانی و لەهجەی دارجەی ئەوێ فەهم ناکێین!» وەبوو تا ساڵی (١٩٦٠) برا بادینییەکان- هەرچەند (بادینی) هەر بە ئەمارەتی (عەمادیە) گوتراوە- بەشداری کۆبوونەوەی (شەقلاوە)یان کرد، لە چاپ کردنەوەی (ئەلف و بێی کوردی) هەندێ وشەی لای بادینان و وێنەی لیوای هەولێریان لەچاپە نوێیەکان خست.

٢٠- لاپەڕە (١١٥)ـەتان، هەر بۆ لاپەڕەکانی (سیخورمە)ی سلێمانی باشە.

٢١- نووسینەکە زۆر تێروتەسەل و ڕەقە- بە زۆری بە نسبەت خۆم- ئەگەر ڕەقتر با، زۆر کەس لەدەستی هاوار هاواری دەبوو، دەبووایە ئێک دووجار شێ بکرێتەوە. مامۆستا شوکور لەم کتێبە خۆی بە لەش و بەمێشک وا گوشیوە، وەک ئاخر نووسین و کتێبی بی، وەک بڵێ: «بەمە کۆتاییم بە بیروبۆچوون و زوبان ڕەوانی و ئەوپەڕی بە گەیشتنی کوردیم هێناوە» وە هەڵبەستەکەی (حاجی قادری کۆیی) لێ دێتە جێ: (زوبانی کوردی فەصاحەتێکی هەیە، هیچ زوبانێ نایگاتێ».

٢٢- ئەو قسانەی بۆ هەردووکتانی کردووە، ڕەنگبی وەک زەنگوڵە لەگوێتان زرینگابتەوە.

٢٣- هەر دەڵێی پرسیارەکانی (رامان)، مامۆستا شوکور خۆی لەخۆی کردییە، هەرچەند لە ئێوەش دەوەشێتەوە.

٢٤- مامۆستا شوکور چۆن ئەو بنەچەکەی (قەرەقۆیونلو) براژنە شیعەکەی بۆ ساغ بۆتەوە، لە چی سەرچاوەیەک ئەو (بەرخە ڕەشە)ی دەرناوە؟

٢٥- بۆ پێکەنین: لاپەڕە (٧٩) دێڕ (٢٥)، (بولغار)ـە دیلەکە، خۆ بە بەر (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) نەکەوتبوو؟

٢٦- ڕاستە کتێبەکە فەرهەنگێکی زانستی و ئەدەبی دەویست، دەنا کتێبەکە هەر بۆ خۆی و خۆتان دەبوو.

٢٧- وا پێ دەچێ مامۆستا شوکور دەرسی لەلای مامۆستا مەسعوود مەلای گەورە خوندووە؛ ئەم دەریا و خۆی دەریاچەیە، وا پێدەچێ هەر لەسەرە ئەلفێکە: مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا هەولێری لە کۆیە مودەریس بوو، بۆ دەرس شەرح کردن لە سنفی دارێکی بەدەستەوە بوو، لەسەر عیلم دەیگوت: بڵێین: «عیلم بە قەدەر ئەم دارەیە، کاکم شێخ حەسەن ئەوەندەی لێ دەزانی، بەقەدەر ئەنگووستێک، منیش نیو هەندەی لێ دەزانم! «چی وای بۆ قوتابییەکان نەدەهێشتەوە»! وە مامۆستایەکیش (١٠٠) دەرەجەی کاملی بۆ خوای دانابوو، (٩٠) بۆ پێغەمبەر، (٨٠) بۆ مامۆستا، ئەوی دیش بۆ قوتابیان!

٢٨- مەولەوی ئەوەشی فەرمووە: «بۆبە وا چەماومەوە و لووتم وەختە بە عەردەوە بنووسێ، بەڵکو بە ئاسانی بە کونی قەبرەوە بچم!».

زۆر کەلەکە بەرد و ئاغەلی پیاوچاکان، لە ترسی ولاغی بەرزە و ڕەشە ولاغان لە کەلەکەکەی دەرگەیەکی نوێیان لێ هێشتبۆوە و بەردێکی زلیان لەسەر دانابوو، لە کۆیە داری کەندەکۆخی لەسەر ڕێی حەمامۆک؛ نەخۆش دەبووایە خۆی تەواو نوێ بکا، ئەوجا بچتە سەر چاکەکە، دەنا کۆخەکەی لێ نەدەکەوت؛ وە (مەڕ)یش ئەگەر پسکەی با، ئێک دوو قەمیشی ئەو سەرچاکەیان بە بەنێک لە ملی مەڕەکە دەکرد؛ خەریکم لابدەم!

٢٩- دەڵێن: وەختی خۆی زۆر مەلای دوانزە عیلم، کە کتێبی (سەعدی تەفتازانی)یان خوێندۆتەوە، ئەوەندە بیریان کردیتەوە، یا وەرگەڕاون، یا شێت بوون، وا تێگەیشتوون لە (واقع) چووینە دەرەوە، وەک لە ساڵانی (١٩٤٥، ١٩٤٦، ١٩٤٧) کتێبی (دایەلەکتیک) پەیدا بوو، کە هەر ئەلف و بێی (ماددی) بوون، زۆر لاوی کوردی دەست کورت تێیدا- وەختابوو- بخنکێ و ڕێی (حەققان) بگری و واز لە نەتەوە و دەستووری باب و باپیرانیان بێنن وەک مامۆستا (زەکی ئەحمەد) ناوێکی بۆ داهێنان - هەرچەند لە دەروونددا هەندێ مەیلی لێ بوو- وشەی (تحرر)ی بە وشەی (بەرەڵا) وەرگێڕا.

٣٠- نازانم دکتۆر نوورەددین زازا چۆن خانی بە (مارکسی) داناوە؟ بەڵام بۆچی مامۆستا شوکور بۆ زوبان و قەڵەمی هەڵنایە، نموونان لە بۆ هەموو شتێکی بە شیعرەکانی (حاجی قادر) و وەعزەکانی (مەلای گەورە) بینی؟ حاجی قادر- هەرچەند دەوڵەمەند نەبووە- بەڵام (مارکس) و جوولەکان فەرموویەتی: «هەموو قەرزێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش، خول بخۆن وەکو بەردەئاش» هەم باسی ژیان و ماددیات و (تطور) دەکا.

٣١- ئەو (ئەستەغفروڵڵا) یانەی مامۆستا شوکور، دەزانم لە بۆ چییەتی، گۆیا قسەی خۆی نییە و نەقڵی کفری کفر نییە، وە بە شیعرەکەی (مەمەنداغا)ی میراودەلی (فانی) دەچی کە دەڵێ: «بیلێم و ناوێرم»،

کەچی قسەکەش هەر دەکا، ئەوەی لە دڵیدایە دەری دەبڕێ، بە (بیلێم و ناوێرم) قەپاتی دەکا.

وا دیارە مامۆستا شوکور لە ناو کتێبەکەی لە خوای دەگەڕێ، بیدۆزێتەوە.

لەسەر (ئەستەغفروڵڵا) ڕووداوێکی خۆش هەیە، لە بەینی (سمکۆ) سمایل ئاغای (شکاک) و (بابەکراغای سەلیم ئاغای پشدەری) کە لە ڕۆستەم ئەفەندیم بیستووە؛ زۆر جوان نییە لێرە بیگێڕمەوە، ئەگەر لەگەڵ مامۆستا گەیشتینە یەک بۆی دەگێڕمەوە.

٣٢- حەقی وا بوو ئەو نموونە هەڵبەستانەی: فارسی، عەرەبی، بادینی، هەورامی بە نووسین دەقەکەیان بکرابانا سۆرانی، دوو فائیدەی هەبوو: یەک تێی دەگەیشتین، دووەم بەرانبەری زاراوەکان دەکرا، زۆر کەسی وەک من نیوە خوندەوار، سوودی لێ وەردەگرت.

٣٣- لاپەڕە (٩٧) دێڕ (١٩): مرۆ لەبیری فرە خواییەوە، بەرەو یەک خوایی هەنگاوی هاویشتووە، چاکە مامۆستا واوەتر نەچووە، ڕەنگبێ خۆی حەساندبێتەوە، زۆر لەبیرکردنەوە تا سەر کەنداڵی چووبوون و هەشە بە هۆش هاتیتەوە.

بێ گومان ئایینەکانی پێش ئیسلام، داوای یەک خواییان کردووە، بە تایبەتی جوولەکە: (ئیسرائیل)، واتا (عەبدوڵڵا) وە لە دەوری جاهیلی وشەی (الله) وە (عبدالله) کە باوکی پێغەمبەر بووە،هەبووە، بەڵام ئەو خوایە بووە کە قورئان دەفەرموێ: «الله، الواحد القهار»، یا ئەویش یەکێک بووە لەو بوتانەی لەناو کەعبە و بن دیواری کەعبە داندرا بوون، دەیان پەرستن؟

٣٤- جاهیلییەکان لە جیماع و ژن هێنانا چۆن بوو ون؟

٣٥- لە ساڵی (١٩٣٩) تازە دەهات گیانی عەرەبایەتی لە بەغدایە بجووڵێ، وە نازییەتی و شۆفینی لە دژی ئینگلیز و کورد سەر دەربخا، (سامی شەوکەت) کتێبێکی دانا بەناوی (هذه اهدافنا، من آمن به فهو منا)، (ئەوە ئامانجمانە، ئەوی باوەڕی پێ هەبێ، لە ئێمەیە) دەتخوندەوە، هەمووی لەسەر عەرەبایەتی بوو، هەر دەتگوت «کۆنە بەعسییە» یەک لە باسەکانی (اخشو شنوا، فأن الترف یزیل النعم)، (بە ژیانی زوو بژیەن، زۆر حاڵ خۆشی، دوایی ژیانت تاڵ دەکا، وە لەسەر وتارە ئاگرینەکانی هیتلەر، زۆر کەس دەماری ڕەپ ببوو، باسی خوونی پیس و پاک هاتبووە گۆڕێ، وەگیانی عەسکەریشیان بەناوی (فتوە) بڵاوکردبۆوە.

ڕۆژێکی لە (ڕۆستەمیە) حەفلەیەک دەکرێ، لەکاتی دانیشتن، ئاسمان کردییە هەور و ڕشێنە بارانێک باری سامی شەوکەت لە پێشەوە دانیشتبوو، کتێبێکی لەسەر سەری دانا و دەرپەڕی، قوتابییەکانی دارولموعەلمینی ڕیفی بەگاڵتە دەیانگوت: «اخشو شنوا، اخشو شنوا..» دیار بووگوێی نەدایە، دەیانگوت: «ئەو کابرایە عەرەبیش نەبووە!».

٣٦- هەرچەند مەمانان حەددی ئەوەمان نییە، قسە لە ژیانی تایبەتی پێغەمبەر بکەین؛ بەڵام پێغەمبەر بە سایەی داک خەدیجەی دەوڵەمەند و خێزانی (٣) جەمەی (تەئمین) بوو، لەو ئەشکەوتە ڕایدەبوارد و بیری لەو جیهانە دەکردەوە، لە جێی چۆڵ بیر لە خۆشت دەکەیەوە،لە قاو و قیژی شاری دوور دەکەویەوە و کەمێ مێشکت دەحەسێتەوە؛ پێغەمبەر زۆرجار خواردنی بۆ دەچووە ئەشکەوتێ، زۆرجار خەو بردوویەتییەوە و ئێوارەی بەسەردا هاتووە.

٣٧- مامۆستا (عومەر جەلال حەوێزی) خوا لێ خۆشبوو- پێش ئەوەی یەکیەتی شورەوی لێک هەڵبوەشێ- دەیگوت: «دووکەس لەو دنیایە زۆر باویان ستاندووە و بە سەدان ملیۆن کەس بەدوایان کەوتوون: یەکەم پێغەمبەر (محەمەد) لەلایەن (ڕوحی)وە، دووەم (لینین) لەلایەن (مادده)وە!».

٣٨- لەلاپەڕە (١٠١) وێنەیەکی هونەرمەندی گەورەی کورد لێ دراوە، مامۆستای مقامات (عەلی مەردان)، دەڵێی پیرێژنە بڵباسە و سەری بەستووە و لە هونەرمەندە تازە لاوەکان مۆڕ بۆتەوە و نیوچەوانی گرژ کردووە، کە دەچوون بۆ ئێستگەی کوردی بەغدایە، ڕای لێیان نەبوو، وە لە زەوقی دەدانەوە!

٣٩- لاپەڕە (١٠٣) دێڕ (٩): (ئەبروبادومە و خورشید هەرچار دەرکارەند) زۆر کاریگەرە.

٤٠- قسەکانی مامۆستا شوکور بە دەست خۆت نییە، لەشت دەبزوێنی، مێشکت دەهەژێنی.

٤١- شێخ محیەددین پێش ئەوەی بیکوژن وەسیەتی کرد، ئەمەم لەسەر قەبرەکەم بنووسن: (إذا دخل (سین)، في (شین، ظهر قبر (محی الدین) چونکو دەیگوت: «ربکم تحت قدمي» بە کافریان زانی، کە سوڵتانی

عوسمانی شامی داگیر کرد، ئەوەی لەسەر قەبرەکەی خوندەوە، قەبرەکەیان هەڵدڕی تووشی خەزنەکی گەورە بوون، کە مەبەس ئەوە بوو، مللەت مردەی پارەیە و بەخوای دەزانن! (سین) یعنی سلطان، (شین) یعنی (شام).

٤٢- لاپەڕە (١٠٥) دێڕ (٢٢)، قسە فۆلکلۆرییەکە لای ئێمە (کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە)یە، نەک جەواڵ، فۆلکلۆر دەستی تێ نەدرێ، لاپەڕە و ڕووی شارستانی ئەو نەتەوەیە، نەک وەک (تاهیر تۆفیق)ی خوا لێ خۆشبوو: (بەو فنجانانەی کە لە دیوەخانەکان، پێی دەخورێتەوە، قاوە و هەرامە) لە پێشان وای دەگوت، دوایی بووە پێشکەوتووخواز کردییە (بەو فنجانانەی کە لە هەموو جێیەکا) گۆیا دیوەخان هی دەرەبەگانە، تامە فۆلکلۆرییەکەی نەهێشت، وەیا دەڵێ: «شلێرە وای شلێرە، لە بەگزادەی هەولێرە، ئەویش تەواو نییە، هەولێر ئاغای هەیە، بەگی نییە.

٤٣- لەسەر ئاوازە حەزینەکان چ ئی کوردی، چ هی عەرەبی- بە تایبەتی (عەتابە) و (ئبوذیە= أب و أذیە) کە لە دەست دەرەبەگی عەرەب و سۆزی دووری و بەیار نەگەیشتن گوتراون، سەروەختێک حزبی بەعس لە عێراق ویستی ئەو چەشنە گۆرانیانە نەهێلی، گۆیا دەوری بەعس دەوری خۆشی و نەمانی (اقطاع)ە، بەڵام سەری نەگرت، چونکو زۆر کەس هەیە و دڵی بە گۆرانی بە سۆز و فرمێسکی بەچاو دەکرێتەوە.

٤٤- ڕاستە (نالی) کەڵە شاعیرە، هەرچەندە تەمەنێکی درێژی نەبوو، دەنا زەخیرەی پتر بۆ دادەناین، یەکێک بووە لە عالەم بەدەر، بەڵام (حاجی قادر) لە شوێنێکا فەرموویەتی: «کوردی وەک گەردی، نالی وەک نالی بەجێما لە مەیدانی سوخەندانی، کە حاجی ئەسپی تاودا- بمبوورن شیعرم کەم دێتە بەر.

دەزانم مامۆستا شوکور لەبەر کاک مەسعوود لە ئێمە باشتر (حاجی قادر)ی دەناسی، بە تایبەتی لە شیعری کوردایەتی.

٤٥- جارێکی لە سلێمانی لە خوا لێ خۆشبوو (فائق بێکەس)م پرسی: «ئەو شاعیرانەی کە تۆ پێت گەیاندوون، کێن؟ لە وەڵاما بە زەردەخەنەوە گوتی: «تاهر خۆ من مەکتەبی شیعرم دانەناوە.»».

٤٦- مامۆستا شوکور لە لاپەڕە (١٢٣)وە تا لاپەڕە (١٣٠)، وا دیارە لە مەعنا لێکدانەوەی شیعری نالی دەیەوێ قەرەی لە قەرەی پیاوی وەک مامۆستا مەلا محەمەد چروستانی و مامۆستا مەسعوود محەمەد بدا، ئەگەر بە ئاشکراش نەبی دەیەوێ بەخش خشۆکی بیانگاتێ. کە تووتن قیمەتی دەکرد، بەهۆی موعامەلە (مەلا سەدرەددین) کوڕی مەلا بەهائەددین لە نزیک حەمامی پیسکان لە کۆیە، عەردێکی کڕی دەستی بە بناغەی کرد، شوێنەکە زبڵدان بوو، بناغەی زۆر قووڵ بوو، کە دەستی پێکرد، حاجی مەجیدی خاڵی یەکە توجاڕی کۆیە بوو هاتە سەیری خانووەکە، خاڵی پێی گوت: «مەلا سەدر دەتەوێ بەخش خشۆکە بمانگەیەوە!»

٤٧- (ڕۆستەم)ی حەویزی کەڵە شاعیری زیندوو دەڵێ: شیعری ئەو شاعیرانەی پێشوو هەمووی ئەدەبی (حوجرە)ن، لاسای شاعیرە عەرەبەکانیان کردیتەوە، وەهی فارسەکان، لە دنیایەکی دی ژیاون، زۆریان شیعریان بۆ چینێکی تایبەتییە وە بەلاغەتی کوردیان بە بەلاغەتی ئەو دوو زمانە دراوسێیانە گەیاندووە، کە لەناو کوردان بەهۆی ئایین خۆیان بە بێگانە نەزانیوە، واتا نەتەوەی: عەرەب، فورس، تورک.

٤٨- ئەگەر بتەوی لە شیعری شاعیران بگەی، دەبێ بەدوای مێژووی ژیانی ئەو شاعیرە بکەوی لە لانکێوە تا گۆڕ.

٤٩- مامۆستا شوکور لە کوێ دەژیە خوا لێ تێک نەدا.

٥٠- کتێبی پەڕ سپی و لووسم دیوە، بەڵام نەمدیوە هێندە لووس و پەڕ سپی.

٥١- ئەگەر زۆرم گوتبێ و زۆر ساتمەم کردبێ، بمبوورن، نووسینەکەم بۆ مێژووش دەست دەدا.

**تاهیر ئەحمەد حەوێزی**
**١٩٩٨/١٠/٤**